# فەرمانم پێکراوە کە بەرامبەر خەڵکی بجەنگم تا ئەو کاتەی شاهێدی دەدەن بە (لا إله إلا الله ومحمد رسول الله)^، ونوێژ ئەنجامدەدەن، وزەکات دەدەن

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «فەرمانم پێکراوە کە بەرامبەر خەڵکی بجەنگم تا ئەو کاتەی شاهێدی دەدەن بە (لا إله إلا الله ومحمد رسول الله)^، ونوێژ ئەنجامدەدەن، وزەکات دەدەن، جا ئەگەر هاتوو ئەوانەیان ئەنجامدا ؛ ئەوا خوێن وسامانیان پارێزراو دەبێت مەگەر بە هەق ومافەکانی ئیسلام نەبێت، ولێپرسینەوەیان لە لای خودایە». ^(واتە: هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بەڕاستی جگە لە الله، وموحەمەد پێغەمبەر ونێردراوی خودایە)،
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە خوای گەورە فەرمانپێکردووە بە جەنگان دژی موشریکەکان ؛ هەتاوەکو شاهێدی دەدەن بەوەی هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە الله ی تاکی بێ هاوتا وبێ هاوبەش، وشاهێدی دەدەن بەوەی موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- پێغەمبەر ونێردراوی الله یە، وکردەوە کردن بە داواکراوەکانی ئەم شاهێدیانە لە بەردەوامبوون لەسەر ئەنجامدانی پێنج نوێژەکە لە ڕۆژ وشەوێکدا، ودانی زەکاتی فەرز بۆ ئەوانەی شایستەن پێیان بدرێت. ئەگەر ئەم شتانەیان کرد ؛ ئەوا ئیسلام خوێن وسامانیان دەپارێزێت، بۆیە جەنگان دژیان حەڵاڵ نییە ؛ ئەگەر تاوانێکیان کرد شایستەی سزادانن بەپێی حوکمەکانی ئیسلام، پاشان لێپرسینەوەیان لەڕۆژی قیامەتدا لەلای خوای گەورەیە ؛ چونکە نهێنیەکانیان دەزانێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4211